# دەزگای خێرخوازی بارزانی دەرمان و پێداویستی تەندروستی بۆ نەخۆشخانەکانی شەقڵاوە و ڕاپەڕینی منداڵان و نەخۆشخانەی زوممار نەخۆشخانەی ڕزگاری دابین دەکات




دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتی لە هەڵمەتێکی خێرخوازیدا زیاتر لە 800 کارتۆن دەرمانیان بۆ نەخۆشخانەی رزگاری دابینکرد.
دەوڵەتی ئیمارات بڕی 837 کارتۆن دەرمانی بۆ نەخۆشخانەی رزگاری دابینکرد و ئەمڕۆ لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتییەوە گەیەندرایە نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر.
لەو بارەیەوە د. ئیبراهیم خەلیل سەرۆکی بەشی دەرمانخانەی نەخۆشخانەی رزگاری رایگەیاند ئەمڕۆ بڕی 837 کارتۆن دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشخانەکەیان دابینکراوە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا ئەمە دووەمجارە کە دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتی داو و دەرمان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ژمارەیەکی زیاتری نەخۆش پێشکەشی نەخۆشخانەی رزگاری دەکەن، بەرێزیان بەناوی بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەی رزگارییەوە سپاسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و مانگی سووری ئیماراتی کرد و کارەکەیانی بەجێگای بایەخ زانی هەروەها بەپێویستی زانی کاری خێرخوازیی هاوشێوە کە داهاتوودا دووبارە بکرێتەوە.
جێگای ئاماژەیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەماوەی دووساڵی رابردوودا بە هاوکاری رێکخراوە جیهانییەکان لە بواری تەندروستیدا دەرمان و خاوێنکەرەوە و سەرجەم پێداویستییەکانی نەخۆشخانەی بۆ وەزارەتی تەندروستی و بنکە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان دابین کردووە کە 101802 کگم دەرمان و 1379 بۆکسی پێداویستی خاوین کەرەوە و1379 ئامێری تەندروستی پێشکەشی بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کراوە هەروەها دەزگای خێرخوازیی بارزانی چارەسەری ددانی بۆ 200 پێشمەرگە کردووە.
بەمەبەستی هاوکاریکردنی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، گروپی هاوکاری ئیڤڵ HILFSGRUPPE EIFELی ئەڵمانی کە تایبەتە بە هاوکاریکردنی منداڵاتی توشبوو بە نەخۆشیەکانی شێرپەنجە، بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەیان جۆر لە کەرەستەو دەرمان و پێداویستی تەندروستی بۆ نەخۆشخانەکانی شەقڵاوەو ڕاپەڕینی منداڵان لە هەولێر و نەخۆشخانەی زوممار دابین دەکات.
لەدرێژەی هاوکاریکردنی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەوڵدەدات لەڕێگەی ڕێکخراو و دەزگاو وڵاتانی هاریکاربەخشەوە کۆمەک و هاوکاری تەندروستی بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، لەو میانەشدا بەهەماهەنگی لەگەڵ گروپی هاوکاری ئیڤڵ HILFSGRUPPE EI-FELی ئەڵمانی کە تایبەتە بە هاوکاریکردنی منداڵاتی توشبوو بە نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لە چەند ناوچەیەکی جیا هەڵمەتی دابینکردنی پێداویستیە تەندروستیەکانیان دەستپێکرد، لەو میانەشدا بۆ دوو نەخۆشخانەی شارۆچکەی شەقڵاوە ئەم پێداویستیانەیان دابینکرد لەوانە: 10قەرەوێڵە، 1 تۆن شامپۆ، 2کورسی گەورەی نەشتەرگەری، 6 عارەبانەی ویلچێر و چەندین پێداویستی دیکەی تەندروستیان دابینکرد.
لەلایەکی دیکە لەشاری هەولێر، لەهەمان هەڵمەتدا بۆ نەخۆشخانەی راپەڕینی منداڵان، هەستان بە دابینکردنی 20قەرەوێڵەو دۆشەک و 1تۆن شامپۆو پێداویستی دیکەی تەندروستی، هەر لەهەمانکاتدا لەشارەدێی زوممار و دەروبەری لەسنووری پارێزگای نەینەوا، هەستان بە دابینکردنی 30 عارەبانەی ویلچێر و 10 قەرەوێڵەو 1تۆن شامپۆ و پێداویستی جۆراوجۆری تری تەندروستی.
شایانی باسە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەساڵانی رابردوودا بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراو و وڵاتانی هاریکاربەخش چەندین هەڵمەتیان بۆ دابینکردنی پێداویستیە تەندروستیەکان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەرێوەبردوەو بەو هۆیەوە توانیویەتی کەلێنێکی گەورەی نەبونی پێداویستی لە نەخۆشخانەکاندا پڕ بکاتەوە.

# د. پشتیوان سادق: سەرجەم ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانسی ڕێکخستنی گوتاری ئایینی جێبەجێ دەکرێن



**خەبات ـ ئاری رەمەزان:**
د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت لە دیوانی وەزارەت سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە تایبەت بوو بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی ڕێکخستنی گوتاری ئا یینی کە لە مانگی 11ی ساڵی 2016لەژێر چاودێری و بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە هەولێری پایتەخت ساز درابوو بە بەشداری 500مامۆستای ئایینی لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕێکخرابوو.
شایەنی باسە کۆبوونەوەکە بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لیژنەی باڵای کۆنفڕانس دەستی پێکرد.
تیایدا وەزیری ئەوقاف ئالیەتی کارەکانی دەست نیشان کرد و لیژنەکانی ڕاسپارد کە لە دەستپێکی ساڵی 2017 ڕاسپاردە و بریارەکان کە لە 16 خاڵ پێکهاتبوو بریارەکان وەک خۆی جێبەجێ بکرێ.
هەر لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری ئەوقاف بەفەرمی چوار لیژنەی سەرەکی پێک هێنا کە دەست بەکارین بۆ ئەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکان وەک خۆی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە هاوکاری سەرجەم بەرێوەبەرایەتیەکانی ئەوقاف جێبەجێ بکەن و هەموو خاڵەکان وەک خۆی لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا جێبەجێ دەکرێن کە 16 خاڵە بەبێ گۆڕانکاری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە.

# جەخت لەپاراستنی ئەمنیەتی پایتەخت و سەروماڵی هاووڵاتیان کرایەوە



**خەبات ـ فاتیح بەرزنجی:**
بەمەبەستی رێزگرتن لە ئەرک و ماندووبوون و شەونخونی هێزەکانی پۆلیسی هەولێر و بەبۆنەی ساڵرۆژی پۆلیس، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە یاوەری عوسمان شوانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران. سەردانی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێریان کرد، بە بۆنەی یادی ڕۆژی پۆلیس، لە لایەن لیوای ماف عەبدولخالق تەلعەت بەرێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر پێشوازییان لێکرا، لەو سەردانەیاندا باسیان لە کار و چالاکییەکانی پۆلیس و ئەرک و ماندووبوون و شەونخونیان کرا بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هەولێری پایتەخت و پاراستنی سەر و ماڵ و گیانی هاووڵاتیان و ئارامی و هێمنی شاری هەولێر.
لەلایەن خۆشیەوە پارێزگاری هەولێر دەستخۆشی لە پۆلیسی هەولێر کرد و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستن لە ئەرکەکانیان.

# وەزیری گواستنەوەو گەیاندن ڕاپۆرتێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات

وەزیری گواستنەوەو گەیاندن ڕاپۆرتی ساڵێکی وەزارەتەکەی بۆ خستنەڕووی لە کۆبونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشدەکات و ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری ئەو وەزارەتەش پرۆژەی تەندەری ڕاستەوخۆی هێڵێکی نوێی ئینتەرنێتی لە سنووری سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان ڕاگەیاند.
بەسەرپەرشتی مولود مراد، وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، کۆبونەوەی یەکەمی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری ئەو وەزارتە لە ساڵی نوێ بەڕێوەچوو کە تێیدا چەند بڕیارێکی نوێ دەرکران و ڕاپۆرتی وەزارەتەکەش پەسەند کرا کە بڕیارە پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت کە تێیدا ووردەکاریەکان و زانیاری و داتاو ئامارەکان و کێشەو گرفتە سەرەکیەکان و داواکاریەکانی وەزارەتی لەخۆگرتووە .
سەرەتا مەولود مراد، وەزیری گواستنەوەو گەیاندن دەستخۆشی لەسەرجەم بەڕێوەبەرو فەرمانبەرانی وەزارەتەکەیکرد کە ساڵی ڕابردوو ئەرکەکانیان جێ بەجێ کردو داوایکرد ساڵێکی پڕ گرۆتین و نوێکاری و پڕکاری بێت و هەنگاوەکانی چاکسازی باشتربنرێن و گرفتەکانی وەزارەت چارەسەربکرێن .
وەزیری گواستنەوەو گەیاندن ڕاپۆرتی ئامادەکراوی وەزارەتی خستەڕوو کە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەکراوە کە کۆمەڵێک ووردەکاری و زانیاری و داتاو چالاکی و ئاماری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی لە ساڵی 2016 تێدایەو کێشەو داواکاری و گرفتە سەرەکیەکانی لە خۆ گرتووە. تەوەرەیەکی تری کۆبونەوەکەی ئەمرۆی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بریتی بوو لە پەسەندکردنی پرۆژەی تەندەری ڕاستەوخۆ بۆ قەزاو ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین کە پرۆژەی فایبەر ئۆپتیک FTTHی ئینتەرنێتی بێ سنوورەو پرۆژەکە بڕیاری لەسەر درا کە بخرێتە کێبڕکێی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت.

## بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر:
# لەو هەفتەیە خشتەی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دەگۆڕێت



**خەبات ـ فاتیح بەرزنجی**
عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر بەڕێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات روونی کردەوە لە ساڵی رابردوودا نزیکەی 118 هەزارو 586 پاسەپۆرت دراونەتەوە هاووڵاتیان و ڕۆژانە ئیش و کارەکانی هاووڵاتیان بۆ رایی کردنی مامەڵەی پاسەپۆرت درێژەی هەیە و ماوەیەک بوو کێشەی (شبکە) خەتمان هەبوو لە بەغداوە بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار شانبەشانی بەڕێوەبەری گشتی رەگەزنامەی هەرێم سەردانی شاری بەغدامان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەین سەبارەت بە کێشەو گرفتەکان.
جگە لەوەش رۆژانە بە تەلەفۆن پەیوەندی بەردەوامان هەبووە بۆ ئەو کێشە تەکنیکییانەی دێنە ئاراوە و چەندین جاریش هەوڵدراوە بۆ چاککردنەوەی ئامێری سێرڤەر و ماوەی 8 ساڵە ئەو ئامێرە دەکات چونکە ئەو ئامێرە ناتوانێ بەرگەی رایی کردنی ئەو هەموو مامەڵەیەی هاووڵاتیان بکات.
بۆیە ناچاربووین گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکەین تا بکرێتە خشتە و بڕیاردراوە لەو هەفتەیەوە خشتەی کارکردن لە کاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆ بۆ کاتژمێر 8ی شەو بێت بۆ ئەوەی مامەڵەکانی هاووڵاتیان رایی بکرێت و لەماوەی ئەو هەفتەیەشدا بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێرو سلێمانی و دهۆک کاربکەن و لە هەفتەی داهاتووش خشتەی نوێمان پێ دەدرێت دیارە دیاری کردنی ئەو خشتەیە بۆ رایی کردنی مامەڵەی هاووڵاتیانە بۆ ئەوەی مامەڵەی پاسەپۆرت دوانەکەوێت.

# گەرمیان... پێکدادانی 2 ئۆتۆمبیل 7 قوربانیی لێکەوتەوە

**خەبات ـ سەبریە یوسف:**
شەوی رابردوو پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیل لە نێوان شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و شارۆچکەی خانەقین ئافرەتێک گیانی لەدەستدا و 6کەسیش برینداربوون.
نەقیب کارزان مەجید، بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندیەکانی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان، بەخەباتی راگەیاند: ئەمشەوی رابردوو لەنێوان شارۆچکەی کەلار و شارۆچکەی دەربەندیخان، دوو ئۆتۆمبیل پێکیان دادا و بەو هۆیەوە ئافرەتێک گیانی لەدەستدا و 6 هاولاتیش برینداربوون.
گوتیشی: ئەوە یەکەمین رووداوی گیان لەدەستدانە لەساڵی نوێدا واتە لە 2017دا تۆماربکرێت.
بەرێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی گەرمیان ئاشکراشیکرد: خێرالیخوڕینی شۆفێران یەک سایدی رێگاوبانەکان هۆکاری رووداوەکانی

# ئاکرێ... د سمینارەکێ دا رەوشا کوردستانێ و عیراقێ پشت داعشێ هاتە بەحس کرن

**خەبات ـ سالح محەمەد تەیرۆ:** لدرێژاهیا کاروچالاکییێت لیژنەیا ناوچا رزگار یا سەر ب لق 9ێ پارت دیموکرات کوردستان و بۆ پتر ئاگەهدار بون لسەر قویناغا پشت نەمانا رێکخراوا تیروریستیا داعش ل دەڤەرێن کوردستان و ئەوێن ل دەرڤە هەرێما کوردستان و ل عیراقێ ول هولا پەیمانگەها تەکنیک ل ئاکرێ و ب ئامادەبونا راگر و ماموستا و قوتابیێن پەیمانگەهێ پەیمانگەها تەکنیک ل ئاکرێ سمینارەک بۆ رزگار عەبدولکەریم عەل بەرپرسێ لیژنەیا ناوچا رزگار لژێر ناڤ ونیشان رەوشا کوردستانێ و عیراقێ ل پشت نەمانا داعش سازکر ، کورگێر ب تێروتەسەل ئاماژە دا وان سەرکەفتنێن سیاس و یێن لەشکر ئەوێن ب سەرپەرشتیا سەرۆک بارزان سەروکێ هەرێما کوردستان و فەرماندەێ گشت ێ لەشکرێ کوردستان بۆ هەرێما کوردستانێ هاتینە بدەستڤە ئینان و سەرەدانێن بەرپرسێن بلند یێن حکوومەتا ئەمریکا و یێن ئەوروپ و هەرێم بۆ کوردستانێ و سەرەدانێن وان بۆ سەنگەرێن پێشمەرگەهێن قەهرەمان و خوراگریا پیشمەرگەهێن قەهرەمان کو ئەڤرۆ بوینە سیمبولا خوراگری و بەرگریکرن ل مروڤایەتی نەک ل هەرێم بەلکو ل جیهانێ ژ ، دیسان گۆت : پێتڤ یە سەرکردایەتیا سیاس یا کوردستان و ب هەم لایەنێن سیاسیڤە خو بەرهەڤ بکەن بۆ وان گورانکارییێن کو چاڤەرێنە لدەڤەرا رۆژهەلات بهێنە ئەنجام دان و ئەڤێ دەلیڤا زێرین لدەست خو نەبەین و ئەڤە ژ دێ ب ئێک هەلویست و رێکخستنا ناڤمالا کورد و بکار ئێخستنەڤا پەرلەمان هێنە بدەستڤە ئینان ، هەروەتوڤ پێتڤ یە هەم لایەنێن سیاس پالپشت و هاریکار بن لسەر پێشنیارا سەرۆک بارزان بۆ رێکخستنەڤا مالا کورد و بۆ نەمانا ڤان قەیرانێن سیاس و دارای کو ئەڤە زێدەتر ل دووسالانە ب سەر گەل کوردستانێ داهات ل خوراگریا گەل مە شیا لبەر سینگێ ڤان قەیرانا و شەرێ هاتیە سەپاندن ژلایێ تیروریستێن داعشڤە خو رابگریتن کو ئەڤە ژ دزڤریتەڤە بۆ هەلویستا نەتەو ونیشتیمان و وەلاتپاریزیا یا موکم یا خەلکێ دلسوزێ کوردستانێ ب گشت .